# بانگەواز

بە تێپەڕ بوونی مانگێك لە دەستپێکردنی مانگرتن و ناڕەزایەتی دەربڕینی ئێمە لە بەر دەرکی نووسینگەی کومیسارىای بەرزی پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە شاری وان ، ڕووی ڕاستی ئەو کومیسارىا و هاوکاری ئاشکرا و شاراوە یان لە گەڵ پولیس بۆ گوشار خستنە سەر پەنابەران ، سیاسەتی ئەوان لە مەڕ بەرەڕوو بوونەوە لە گەڵ چارە نووسی ١٢٠٠ پەنابەری کوردی ڕۆژهەڵات دەرخستووە !

لە سەرەتای دەست پێکردنی جم و جووڵی ناڕەزایی دەربڕینمانەوە کە خۆی لە خۆی دا بە دژی سیاسەتی هەپەسێردراو ڕاگرتن و پشت گوێ خرانمانەوە گرتوومانەتە پێش و تا ئەوڕۆش کە ئەو ڕێکخراوە نێو نەتەوەیی‌یەی بەرپرسی پاراستنی گیانی مرۆڤە ئاوارەکان داوا لە پولیسی تورك ئەکا بۆ سەرکوتکردنی ، هەر دوو لایەنەکەیان بەردەوام هەر باسی هەبوونی گرفتی فەننی لە چارەسەری گرفتەکەی ئێمەیان کردوە کە پاش تێپەڕبوونی 4 ساڵ لە خۆ ناساندنمانەوە بە UNHCR و ساڵ و نیوێك پاش وەرگرتنەوەی وەڵامی قەبووڵی داواکاری پەنابەریمانەوە هێشتا خەریکی چارەسەرکردنین!!؟؟ و کەی بە ئاکام ئەگا کەس نازانێ!؟

لە هەرحاڵدا هاوکاری دەوڵەتی تورکیە و کومیسارىای بەرزی پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووهکان لە کێشەکەی ئێمە دا گەیشتووەتە جێگایە کە لە دانیشتنەکانمان لە گەڵ بەرپرسانی UNHCR دا ئەوان هەڕەشەی دەستتێوەردان و دیپورت کرانەوەمان بە دەستی پولیس و بە ڕەزایەتی ئەوان دەکەن و هەروەها بێدەنگی ئەو ڕێکخراوەیە لە هێرشی پۆلیس بۆ سەر مانگرتووان لە بەر دەرکەی نووسینگەکەیدا و حازر نەبوون بە وەڵام دانەوەی ڕاگەیەنە تورکیەکان ، هەمووی نیشانەی گرتنەپێشی سیاسەتێکی تایبەتە لە بەرامبەر چارەنووسی ١٢٠٠ پەنابەری کوردی ئێرانی ناسراو بە "شماڵ عێراقی"!

کار بە جێگایەك گەیشتووە کە پولیس دەستووری بە نەخۆشخانەکان داوە کە نەینە دەم ئەو نەخۆشە ئۆرژانسانەمانەوە کە بە هۆی هیچ نەخواردنەوە لە ماوەی یەك مانگ مانگرتنەوە تووشی چەندین نەخۆشی مەترسی‌دار بوون و لە ماوەی سێ ڕۆژی ڕابردوودا بەشە ئۆرژانسەکانی نەخۆشخانە دەوڵەتی‌یەکانی تورکیە لە شاری "وان" حازر بە ناردنی ئامبوڵانس و ڕاگرتنی مانگرتووە نەخۆشەکان نەبوون و بە ڕاشکاوی باسی سیاسی بوونی کێشەکە و دەستووری پولیس بۆ نەهاتنیان دەکەن!
پێداگری پولیس و UNHCR و هەنگاوی پێشپێگرتن لە بڵاوبوونەوەی هەواڵەکانی کردەوەی مانگرتنەکەمان لە ڕادیو و تێلویزیونی تورکیەدا نیشانەیەکی دیکەیە بۆ دەرخستنی سیاسەتی هاوبەشی هەردوو لایەن !
لە هەر حاڵدا سیاسەتیان هەرچی بێ پێویستە کوتایی پێ بهێنرێ و دەبێ لە بەرامبەری دا هێزی ڕاگر پێك بهێنرێ ! کارێکی ئاواش هاوکاری‌یەکی گشت لایەنەی دەوێ و گرووپی پەنابەرانی مانگرتوو کە هەر ڕۆژ ژمارەیان ڕوو لە زیاد بوون دایە ، بۆ پێکهێنانی ئەو هێزە هاتووەتە پێش و گیانی بۆ دووایی هێنان بەم بار و دۆخە نا لە بارە لە مەترسی خستووە !
ئیمەی مانگرتوو کە هەموومان تێکوشەری سیاسی و بەشێك لە بنەماڵەی دژبەرانی حکوومەتی ئیسلامی ئێران بووین و هەین ، گاڵتە پێکرانی چارەنووسی 1200 مرۆڤ و تێکوشەری سیاسی کورد و ئێرانی گاڵتە بە سەرجەم دژبەرانی نیزامی ئیسلامی ئێران دەزانین و لەم بارەوە بێ دەنگی گرووپە ئۆپۆزیسیونەکانی دەرەوەی وڵات بە دژی قازانجی هەموو گەلانی ئێران دەزانین و جارێکی دیکە داوا لە هەموو لایەك دەکەین پێش کوتایی هاتنی دوایین هێزی هاوارمان ، بۆ کوتایی هێنان بەم بار و دۆخە تاڵ و نالەبارە کاری بە کردەوە بکەن و بە پێکهێنانی کومیتەیەکی بێلایەن بە بەشداری هەموو گرووپ و ڕێکخراوەکانی دەرەوەی وڵات هەوڵی بۆ بدەن ! بێدەنگی لەم بار ودۆخەدا مل دانواندن لە بەرامبەر دوژمنانی هەموو گەلانی ئێران دەزانین!

2005/06/02

**کومیتەی پەنابەرانی مانگرتوو**

***ناوی مانگرتووان:***

| | | | |
|---|---|---|---|
| امید رستم گرجی | فرزاد حقپرست | خبات قریشی | ظاهر جامعی |
| حسن اندرزا | کارو روشنی | ژیلا شهسواری | منصور خالدی |
| ناصر عنایتی | وریا تکان تپه | ابوبکر عزیزی | کمال جانعلی پور |
| پرویز نعمتی | فیض الله زندی | علی ترابی | آزاد صلواتی |
| جلیل کریمی | ابوبکر قادری | ایوب امینی | فرهاد فتاحی |
| گلاویژ فتاحی | نادر عنایتی | حسین فقیه | سام فیضی |
| قادر فیشال خطایی | یحیا صوفی | جمیل فتحی | ارسلان مریخی |
| ارسلان مصطفایی | کامل نوری | عمر محمودی | خدامراد رستمی |
| فریده محمدی | شورش رحمانی | جهانگیر نصرتی | |